به ناوی کوردستانی گەورە !

# ئاڵای کورد :

ح.س. سۆران
٢٠٠٣/٧/١١
soran909@hotmail.com

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

بووکی شێعرم بۆیە وا رازاویە
دەستەوانەی چەکوشی دەستی کاوەیە

دێرەکانی بۆ خەباتی دۆزی گەل
هێندە بەرزە جەشنی شاهۆی پاوەیە

هەر زوحاکێ ماری شانی بێتە شەڕ
خۆیٚ و ماری نوقمی ئەو گێژاوەیە

قەسری گەورەی پەرچەمی کورد سازئەیێ
خەندەکی ئەو ، ئەم دڵە رووخاوەیە

بەژنی ئاڵا ، چاوی چاوانی مەیە
هەرچی چاوە، چاوەڕێی ئەم چاوەیە

رەنگی سووری سەرقەدی بەیداغی کورد
خوێنی قەلبی ئەم دڵە خوێناوەیە

، کۆتری سولْحە و ئەوین
وەک هومایە ، ناحەزی ئاژاوەیە

بۆیە کەسکە ، یەک بەشی ئاڵاکەمان
هەستی سەوزی بۆ بەزە(٢) ، سەرچاوەیە

رۆژی روونی ،تیشکی هێز و گەرمیە

ژینی ئێمە ، تینی ئەم هاڵاوەیە

شاری عیشقە، قەلبی گەنجانی(٣) وڵات
گەنجی(٤) شارم ، گەوهەری شاراوەیە

شاهیدی دی ناو و تابووتی هەیە
من شەهیدم ئەو کوڕە بێ ناوەیە

شاعیری مەرد ،پیاوی هۆزی خویەتی
هەرچی مەردە هۆگری ئەم پیاوەیە

مانای بڕێک لە وشەکان :

(١) چەرمو = سپی . (٢) بەزە = رەحم . (٣) گەنجانی = لاوانی . (٤) گەنجی = خەزێنەی .

www.kurdistannet.org کوردستان نێت